# ئایندە

خاوەنی ئیمتیاز: بەیان نوری تۆفیق

سەرنووسەر: هەڵاڵە محەمەد ئەڵماس
٠٧٧٠٣٦٧٥٠٥٥
halalaalmas@yahoo.com

نەخشەساز: چیا حەمەعەلی

تایپیست: دەشنێ عوسمان

ژمارە (١٥٣) ساڵی سیانزەیەم، هەینی، ٢٠١٠/٣/٥

ناونیشان: سلێمانی . کانێسکان . مەکتەبی سکرتارییەتی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان . خوار یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
www.khushkan.org
aynda97@yahoo.com


# (هیلاری کلینتۆن) ناوی ١٠ ئافرەتی ئازا ئاشکرا دەکات



**و/ ئایندە**........................................

وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (هیلاری کلینتۆن)ناوی دەکەسایەتی ئافرەتی بەناوبانگ و ئازا لەسەر ئاستی جیهان ئاشکرا دەکات.

هیلاری کلینتۆن دەئافرەت کەلەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان بۆ ئەمساڵ بەبراوەی ئافرەتە چالاک و ئازاکانی جیهان دەرچوون، ئەوانیش بریتین لە (شوکریە ئەسیل، شەفیقە قورەیشی لەووڵاتی ئەفغانستان، ئەندرۆلا هێنریک لەووڵاتی قوبرس،سۆنیا بییر لەووڵاتی دۆمەنیکان، شادی سەدر لەئێران، ئان نەجۆجۆ لەکینیا، دکتۆرە لی ئای ران لەکۆریای باکوور، جانسێلا مەجید لەسریلانکا، ماری کلۆد نەداف)لەسوریا،جەستینا مۆکۆکۆ لەزیمبابۆی) خەڵات دەکات.

لەلایەن خۆیەوە سەرچاوەیەک لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بەوەکردووە، کەلە١٠ ی مانگی داهاتوو لەبارەگای وەزارەتی دەرەوە هیلاری کلینتۆن ئەو خەڵاتانە بەو ئافرەتانە دەبەخشێت.

لەلایە کی ترەوە (میلانی فێر فێر) یەکەم باڵیۆزی ئەمریکا بۆ کاروباری ئافرەتان لەجیهان ڕایگەیاند: "ئەو ١٠ ئافرەتە لەژیانیان ڕووبەڕووی زۆر هەڕەشەو گرتنو سوکایەتی بوونەتەوە، بەڵام بەردەوام بوون لەتێکۆشانیان لەپێناو مافەکانی مرۆڤ"

وتیشی: "ئەم ژنە پاڵەوانانە لەژیانیاندا کاریان بۆ زاتر کردنی ئازادی و یەکسانی لەجیهاندا کردووە، کەبە تێکۆشانیان لەئەفغانستان بۆ پێدانی دەنگ بەژنان لە ناوەندە سیاسیەکان دەستی پێکردووە تا سەندنی مافەکانی مرۆڤ لە زیمبابۆی".

جێی ئاماژەیە، ئەم خەڵات بەخشینە بەوژنانەی کە ئازاو چالاکن لە مانگی ئازاری ٢٠٠٧ دەستی پێکردووە، بەدانانن بەهەموو ئەو ئافرەتانەی تری جیهان کە هەوڵو تێکۆشانیان بۆ بانگەوازکردن بۆمافەکانی ئافرەتو هەستانەوەیان دەخەنە ڕوو.

**سەرچاوە: سایتی (ایلاف)**

## نامەی کراوە

# نامەیەک بۆهەویێکەم...

باشی...یاخوا باش نەبیت.....

ببورە سەرەتای هەموو نامەیەک بەسڵاو دەست پێدەکات، بەڵام من زمانم لەدەمم ناگەڕێ، ئاخر لەکوێ هیوای شادیت بۆبخوازم، ئەگەر تۆم بەخەونن ببینیایە شێت دەبووم.

من لەسەر ماڵ و حاڵی خۆم دانیشتبووم، سەرقاڵی خزمەتی ماڵ و مناڵ بووم، تەمەنی خۆمم بەخشی بەشادی منداڵەکانم، بەسەدان نەبونی و نەداری و چەرمەسەری تا ڕۆژگارم بەمرۆ گەیاند، نازانم لەکوێوە تۆهاتی ژیانت لەمن کردە ژەهری مار، بویتە تارماییەک هەمیشە وەک سێبەر دوام کەوتی.

من بڕیارم دابوو ئەم بارە قورسە قبوڵ بکەم و لەگەڵتا بژیم، بەڵام تۆووتت جێی پێم بکەرەوە خۆم جێگەی سەرم ئەکەمەوە، هەر ڕۆژەوقسەیەکت بۆهەڵبەستم، هەر ڕۆژەو عەیب و عارێکت ئەخستە پاڵم، تاکار گەشتە ئەوەی نەک پیاو، ماڵ و منداڵت لێ داگیر کردم و ماڵە خەزورانیشم لەدەست چوون،... یاخوا هیچ ژنێک بۆگەشتن بەخەونەکانی خەیاڵی شێتانە لەمێشکیدا سەوز نەبێت.

حەزدەکەم بزانیت لەم کاتانەدا خۆشم ناوێیت:
- کەخواردنێکی خۆش دروست دەکەیت.
- کەجلێکی جوان دەپۆشیت.
- کەپێ دەکەنیت و دڵخۆشیت.
- کەمنداڵەکانم ماچ دەکەیت.
- کەشت لەمن زیاتر دەزانیت.
- کاتێک خەڵکی پێت بڵێن ژنێکی باشە.

تەنها ئەو کاتانە خۆشم دەوێیت کەنێوانت ناکۆک بێت لەگەڵ هاوسەرەت و ماڵە خەزورانت. یان ژنت بەسەردا بێنن.

لەکۆتایدا بزانە تۆکۆشکی بەختەوەریت بەڕوخاندنی شادیەکانی من دروستکرد، دەپرسم تۆ چەند شادیت بەماڵ و حاڵەت کەکەسێکی وەک منت تیا دەرپەڕاند، یاخوا هیچ کەسێک بۆگەشتن بەخەونەکانی کەسێکی وەک من خەمبار و دڵشکاو نەکات.

# وتە بە نرخەکانی ژیان

**محبوبە قادر عزیز**........................................

- هاوڕێکانت سندوقی داخراون، کلیلەکانیان تاقی کردنەوەیە.
- هیواکانن هەموو دەمێ نایەتەدی، بەڵام با هەمیشە هیوات هەبێت.
- بەتامترین چێژوتامی خۆشیەکانی ژیان (لێبووردنە).
- قسەی مرۆڤ تەرازوی ژیریەتی.
- باشترین هاوڕێ ئەوەیە نهێنیەکانت بپارێزێت.
- تورەبوون هەڵەوکاری هەورەگرمەی دەروونە بەشێتی دەست پێدەکات و بەپەشیمانی کۆتایی دێت.
- ئەوخودایەی کەژیانی پێ بەخشیوین، لەهەمان کاتدا ئازادیشی پێبەخشیوین.
- ئەکرێ کەسێک لەگەڵتا پێبکەنێ لەبیری بکەی، بەڵام هەرگیز ناکرێ ئەوکەسە لەبیر بکرێ کەفرمێسکی لەگەڵتا ڕشتوە.
- باپێکەوە پێبکەنین نەک بەیەکتر پێبکەنین.
- ژیان جوانە، دەتۆش چەندە دەژیت هەوڵبدە بەجوانی بژیت.

# بیردۆزی داروین هەڵەیە مرۆڤ لەبنەڕەتدا هەرمرۆڤە



**و/ ئاڵا**........................................

زانایانی ئەمریکا بەڵگەی تازەیان پێکەشکردوە، کەدەڵێت: بیردۆزی داروین هەڵەیە کە دەڵێت مرۆڤ لە سەرستادا مەیمون بووە.

ئەمە بەسەر پەرشتی گروپێکی جیهانی لەزانایانی بنەمای ڕەگەزی مرۆیی لەهەردوو زانکۆی (کین ستین و کالیفۆرنیا) کە ئێسک و پروسکی کۆنترین مرۆڤیان لەسەر ڕووی زەوی دۆزیەوە کە مرۆڤێکی ئەسیوبیهو تەمەنی نزیکەی ٤ ملیۆن و چوار سەد ساڵ دەبێت بەناوی (اردی).

گروپی لێکۆڵینەوەکە ئاشکرای کرد: دۆزینەوەی (اردی) دوپاتی ئەوەدەکاتەوە کەمرۆڤ گەشەی نەکردوە لەشتێکی ترەوە کەلە جۆری مەیمونی (الشمبازی) ئەمە دۆزینەوەی ئەو بۆچونە کۆنانە پوچوڵ دەکاتەوە کەدەڵێن: مرۆڤ پێگەیشتویەکی گۆڕاوە لەبنچینەی مەیمون.

# ٤١ ملیۆن کچ لەجیهاندا ناچنە بەر خوێندن

**و/ ڕۆزی**........................................

ڕۆژنامەی (الغاریان) لەڕاپۆرتێکیدا ڕوونیکردەوە، کە لەجیهاندا نزیکەی (٤١) ملیۆن کچ هەن ناچنە بەر خوێندن، هەرچەندە لەتەمەنی خوێندنی سەرەتاییدان، هەروەها وەزارەتی پەرەپێدانی دووەلی ئاماژەی بەوە کردووە کە (٢٠) ملیۆن لەو کاچانە لەوڵاتانەدان کەدەکەوێتە خوارووی بیابانی گەورەوە.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت: "لە ٩١٪ لەکوڕانو ٧٩٪ی کچان قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکەن، بەڵام کۆمەڵەی زانیاری نیشتمانی لە (غانا) دەڵێت: "ئەو ڕێژەیە لەقۆناغی خوێندنی ناوەندیدا، واتە لەتەمەنی (١٢-١٥) ساڵیدا دەگۆڕێتو ٦٥٪ی کوڕانو ٥٤٪ی کچان لەخوێندنگەکاندا دەمێننەوە".

هەروەها لە هەرێمی (ئەسیسوا) کەبە زۆرهەژارەکانی وڵاتی غانا دادەنرێن، لەپۆلێکدا کە (٢٠) قوتابی کچی تێدابووە، تەنها (٥) لەوانە ماونەتەوە، و نەخشەی چاککردنی خوێندن سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (ئیمارات) بەهۆی کەمی داهاتو بودجەی خەڵکی ئەو وڵاتەوە، ولەبەر ئەوەی زۆرینەی خێزانەکانی ئەو وڵاتە خەریکی چاندنی گەنمنو ئاوی خواردنەوەو کارەبایان لەماڵەکانیاندا نیە، بۆیە نیوەی ئەوان نەخوێندەوارن، لەسایەی ئەو هەژارییەشەوەو کەمی کاتی بەتاڵو نەبوونییەوە، کچان کەمترین چانسی بەشداربوونیان بۆ چونە بەر خوێندن هەیە.

بەوتەی (جوزیف ئەبیاە) لێپرسراوی مەیدانی دەزگای (بلان) لەئەسیسوا، دەڵێت: "ئەوەی کەپاڵنەرە لای هەندێ خێزان بۆ نەناردنە بەرخوێندنی کچەکانیان ئەوەیە کە: سەنگی کچێکی خوێنەوار کەمترە لەسەنگی کوڕێکی خوێندەوار، چونکە واهەست دەکەن کە کچ شوودەکاتو لەخێزانو کەسو کاری دوور دەکەوێتەوە، بەڵام کوڕ لای ماڵە باوکی دەمێنێتەوە".

وزۆرجار ئەم کۆمەڵگا لادێییانە لەماڵەوە زیاتر پێویستیان بەکچە، چونکە لەسەر کچانە کەنانی بەیانی و نیوەڕۆ بۆ باوکیان ئامادە بکەن، وکاتێک تەمەنی گەشتە (٧) ساڵان دەبێت خواردنو ئاو ببەن بۆ کێڵگە بۆ باوکیان، بۆ نانی ئێوارەش خواردنیان بۆ ئامادەبکەن، وهەندێ کچیش ئاو لەشوێنە دوورەکانەوە دەهێنن کە چەند کیلۆمەترێک لەماڵەکەیانەوە دوورە، بۆیە هیچ کاتێکیان نیە تاوەکو بچنە قوتابخانە.

**سەرچاوە/ لها اون لاین**

